ریکخراوی لێکۆڵینەوەو زانیاریەکانی جەندەر

Gender Studies and Information Organization (GSIO)

منظمة الدراسات والمعلومات الجندرية

# راپۆرتی چالاکیەکانی

# رێکخراوی لێکولینەوە و زانیاریەکانی جەندەر

# هەولێر

# راپۆرتی چالاکیەکانی رێکخراو بۆ ساڵی 2015

www.gsio-iraq.org Email: gsio.org2005@gmail.com Tel: +964 750 4632261

## زانیاری گشتی :

**ڕێکخراو مۆڵەتی یاسایی وەرگرتوە بە پێ فەرمانی ئەمیندایەتی گشتی ئەنجومەنی وەزیران لە بغداد بە ژمارەی 1075356 لە ڕێکەوتی 9-5-2012. وە مۆڵەتی یاسایی ڕێکخراو لە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکانی کوردستان ژمارە ی تۆمار *( 134 گ )* بەرواری دەرچوونی بەڵگەنامەی تۆمار *: :26-3-2013.***

**ئامانجی ڕێکخراو ناساندن و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری گشتی دەربارەی یەکسانی جەندەری و بنەماکانی ماف مرۆڤ ، ڕێکخراوی لێکولینەوە و زانیاریەکانی جەندەر ڕێکخراوی نا حکومییە و قازانج نەویستە و سەربەخۆیە ، و تایبەتە بە کێشەکانی جەندەر و ئافرەت و کاردەکات لە پێناو چەسپاندنی دیموکراسی و بلاوبونەوەی یاسا و بنیادنانی کۆمەڵگای مەدەنی ، لە ڕێگای جێبەجێکردنی بەرنامە و پرۆژە کان.**

**وە ڕێکخراو ئەندامە لە چەندین تۆر لەمانە:**

**1-تۆری چاودێری کردنی مافی مرۆڤ لە کوردستان.**

**2-تۆری رۆژ بۆ چاودێری کردنی هەلبژاردن.**

**3-تۆری ماف بۆ یاسای ڕێکخراوە نا حکومیەکان.**

4-تۆری دادپەروەری بۆ زيندانيان لەسەر ئاستی عيراق.

5-تۆری نا بۆ توندو تيژی لە كوردستان.

6-پالاتفۆرمی نا بۆ شێواندنی كۆئەندامی زاوزێ مێينە.

7-منسقی هەولێر بۆ گروپی .UPR.

8-ئەندام لە تۆری بەرەنگاربوونەوەی بازرگانی كردن بە مرۆف.

9-ئەندام لە گروپی ژيان بۆ بەرەنگاربوونەوەی توند و تيژی دژی ئافرەتان.

10-ئەندام لە گروپی (مروف ) بۆ چاودێريكردنی پێشلكاريەكانی مافی مرۆف لە عيراق.

## گرنكترين چالاكيەكانی رێكخراو لەساڵی 2015

**1–** لە رێكەوتی 2014-11-15 تا 2015-2-15 پرۆژەی (بەيەكەوە بۆ باشتركردنی تەندروستی ئافرەتانی ئاوارە لە ناحيەی عنكاوە )، پرۆژەكە بريتی بوو لە هۆشياركردنەوەی ئافرەتانی ئاوارە لە ناحيەی عنكاوە دەربارەی خزمەتگوزارييە سەرەتاييەكان بۆ ئافرەتان و كچان لە كەمپ و و خيوەتگا و قوتابخانە و كنيسە لە ناحيەی عنكاوە، پرۆژەكە بريتی بوو لە راهێنانی 20 كەس 10 لە ئافرەتی ئاوارە و 10 لە ئافرەتی عنكاوە كە پسپۆری بايلۆژی و پەيمانگای پزيشكی و پسپۆری بەشەكانی تری

پزيشكى، ئەم گروپە راهێنران بۆ ماوەى 7 رۆژ به هەماهەنگى لەگەل راهێنەران له مانگى سوورى عيراقى بۆ خوللى راهێنەرانى راهێنەران ، دواى تەواو بوونى خولەكە هەر يەك لەم 20 بەشداربووە هەڵسا بە هۆشيارى كردنەوەى 20 تا 25 كەس لە ئافرەت و كچى ئاوارە دەربارەى ئەم زانياريانەى كە لە خولەكە فێرى ببوون بە شێوەى پراكتيك و تێورى . ماوەى پرۆژەكە 3 مانگ بوو ژمارەى سوودمەندانى ئەم پرۆژەيە 456 ئافرەت و كچى ئاوارە ببون .






ريكخراوى ليْكۆلْينەوەو زانياريەكانى جەندەر

**Gender Studies and Information Organization (GSIO)**

منظمة الدراسات والمعلومات الجندرية

















2- لە ڕێكەوتی 2-1-2015 تا 31-12-2015 پرۆژەی هوشیاری كردنەوەی ئافرەتان لە شارو لادێیەكانی پارێزگای هەولێر بە هاوكاری ڕێكخراوی وادی ئەڵمانی و ڕێكخراوی یونسیف، پرۆژەكە بریتی بوو لە هۆشیاری كردنەوەی ئافرەتان و كچان دەربارەی مەترسیەكانی خەتەنەكردنی مێینە وە بەرەنگاربونەوەی خەتنەكردنی مێینە لە ڕێگای سیمینباری تایبەت ی تەندروستی و یاسایی وە هۆشیاری دەربارەی یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندو تیژی خێزانی كە لەبەشێك لەم یاساییە ماددەك هەیە باس لە سزادانی هەر كەسێك دەكات كە كرداری خەتەنەكردنی كچان ئەنجام بدات یان هانی خەتەنەكردن بدات سزا دەدرێت بە زیندانی كردن یاخود غرامەكردن. وە هەر لە میانەی جێبەجێكردنی ئەم پرۆژەیە گوندی ( هەڵەجەی گەورە ) هەلبژێردرا وەكو گوندێك خالی لە خەتەنەكردن و توندو تیژی بە هەموو جۆرەكانیەوە، وە هەروەها دروست كری یاریگایەك بۆ منداڵانی گوند لەسەر بودجوی پرۆژەكە . پرۆژەكە بە دوو قۆناغ

**جێبەجێکرا یەکەمیان لە 2015-1-2 تا 2015-4-30 وە دووەمیان لە 2015-8-1 تا 2015-12-31 کۆتایی پێهات.**

















3 - لە ڕێكەوتی 2015-2-13 عقد سازدانی سیمینار بۆ 40 كەسایەتی و ئەندام پەرلەمان و ڕێكخراوەكانی كۆمەڵی مەدەنی و ڕێكخراوەكانی دولی ئەمەش لە میانەی چالاكیەكانی پرۆژەی هۆشیاری دەربارەی خەتەنەكردنی مێینە ، وە لە سیمینارەكە تیشك خرایە سەر یاسای بەرەنگاربونەوەی توند و تیژی خێزانی و گفتوگۆ لەسەر بابەتەكانی یاساكە كرا ؟ وە كۆسپەكانی كە لەناو یاساكەدا هەن ؟ وە چۆنیەتی جێبە جێكردنی

**یاساكە كە تا ئێستا وەكو یاسا جێبە جێنەكراوە كە 4 سال لەسەر دەرچونی یاساكە تێپەر بووە .**






**4- لە رێكەوتی 2015-3-7 رێكخراومان هەڵسا بە دابەش كردنی كەل و پەلی خواردن و پاك كەرەوە بەسەر 250 خێزانی ئاوارەی یزیدی و مسیحی وشەبەك و عەرەب لە**

ریکخراوی لێکۆڵینەوەو زانیاریەکانی جەندەر
Gender Studies and Information Organization (GSIO)
منظمة الدراسات والمعلومات الجندرية

سەنتەری رێکخراومان لە ناحیەی شاوێس بە هەماهەنگی (مؤسسه شيخ بن پانى بن عبدالله )و رێکخراوی PAO.









**5–لەرێكەوتی 2015-3-16 تا 2015-3-18 بەشداری كردن لە وركشۆپی (ئافرەت و ئاسایش و ئاشتی ) لە بغداد لە پرۆژەی ( الراصد ) كە پەیمانگای عیراقی جێبە جێدەكات پرۆژەكە تایبەتە بە هۆشیاری دەربارەی بریاری( 1325 ) ، وە لە وركشۆپەكەدا باس لە چۆنیەتی بەرەنگاربوونەوەی توند و تیژی دژی ئافرەتان وە هەروەها بەشداری كردنی ئافرەتان لە درەستكردنی بریار وە چۆنیەتی جێبەجێكردنی بریاری 1325 لە عیراق.**





6- لەرێكەوتی 2015-2-1 تا 2015-12-31 پرۆژەی بەرەنگاربوونەوەی توند و تیژی لەسەر بنەمای رەگەز بۆ ئافرەتان و كچانی ئاوارە لە ناحیەی عنكاوە و شاوێس جێبەجێكرا یەهاوكاری رێكخراوی UNFPA و رێكخراوی Qandil.

پرۆژەكە بریتییە لە كردنەوەی خولی هۆشیاری بۆ ئافرەتانی ئاوارە لە ناحیەی عنكاوە و ناحیەی شاویس ، وە كردنەوەی خولی راهێنان بۆ ئافرەتانی ئاوارە ( حولی دوورمان و خولی سەرتاشین و جوانكاری ) و چارەسەری دەروونی و كۆمەلایەتی بۆ ئافرەتانی ئاوارە و ئافرەتانی كومەلگای خۆمان ، هەر خولێك مانگێكی خایاند و مانگی دوو خول جیبەجێكرا وە كە دەكاتە 22 خول لە هەردوو سەنتەری رێكخراومان ژمارەی سوودمەندان 650 ئافرەت بوو لە هەردوو خولی ( دوورمان و جوانكاری ) ، وە سەبارەت بە سیمینار كە

ريكخراوى لێكۆڵینەوەو زانياريەكانى جەندەر
Gender Studies and Information Organization (GSIO)
منظمة الدراسات والمعلومات الجندرية

مانگانه هەشت سیمینار ئەنجامدەدرا مانگی چوار سیمنار لەهەر سنتەرێك ژمارەی سوودمەندان 850 ئافرەت بوو وە بابەتی سیمینار تايبەت بوو بە هاوسەرگیری ناکام و

توند و تیژی بە گشتی .

ماوەی پرۆژە : 11 مانگ.

پرۆژەکە بە چوار قوناغ جیبەجێکرا بەم شێوەیە :

1-لە رێکەوتی 2015-2-1 تا 2015-4-1

2- لەرێکەوتی 2015-4-1 تا 2015-7-1.

3-لیرێکەوتی 2015-7-1 تا 2015-10-1.

4-لە رێکەوتی 2015-10-1 تا 205-12-31








ریکخراوی لێکۆڵینەوەو زانیاریەکانی جەندەر

**Gender Studies and Information Organization (GSIO)**

منظمة الدراسات والمعلومات الجندرية

















7- لە رێكەوتی 2015-4-30 وە لە میانەی پرۆژەی هۆشیاری ئافرەتان لە لادێ و گوندەكانی پارێزگای هەولێر دەربارەی مەترسیەكانی خەتەنەكردنی مێینە و بە هاوكاری رێكخراوی وادی ئەلمانی و یونسیف كردنەوەی خولی فێركردنی دوورمان بۆ30 ئافرەتی گوندە ( هەلەجەی گەورە ) بۆ ماوەی یەك مانگ ، وە لە كۆتایی خولەكەدا هەلساین بە دابەش كردنی ماكینەی دوورمان بەسەر بەشداربووانی خولەكە بە ئامادەبوونی مختار و بەرپرسانی گوند .













8- لە رێکەوتی 2015-6-30 بەشداری کردن لە ئەنجومەنی راویژکاری دەستەی دەست پاکی لە هەرێمی کوردستان وەکو راوێژکارێك لە دەستەی دەست پاکی لەگەل کۆمەلێك لە کەسایەتی و چالاکوان لە رێکخراوەکانی کومەلی مەدەنی لە ئۆفیسی دەستە لە هەولێر ، لە کۆبونەوەکە زەخت کراوە لەسەر چۆنیەتی لەناو بردنی گەندەلی ئیداری .




9- لە رێکەوتی 8-9- 2015 بەشداری کردنی ریکخراومان بە پێشانگای رێکخراوەکان لە - هوتێلی دیفان بەسەرپەرشتی رێکخراوی مێرسی کۆرپ بەبەشداری رێکخراوەکانی هەولێرو سلێمانی و دهۆك.

**ریکخراوی لێکۆڵینەوەو زانیاریەکانی جەندەر**

**Gender Studies and Information Organization (GSIO)**

**منظمة الدراسات والمعلومات الجندرية**












**10-لەرێکەوتی 2015-9-9 دابەش کردنی 500 لە کەل و پەلی خاوێن کەرەوە و کەل و پەلی ناو مال بەسەر 500 عائلە خێزانی ئاوارە لە ناحیەی شاوێس لە میانەی پرۆژەی بەرەنگاربونەوەی توند و تیژی لەسەر بنەمای رەگەز لەنێوان کچان و ئافرەتانی ئاوارە لە ناحیەی عنکاوە و شاوێس بە هاوکاری رێکخراوی UNFPA و رێکخراوی Qandil.**





















11-لەرێکەوتی 2015-9-14 سەردانی کردنی ستافی رێکخراومان و ئەنجومەنی بالای کارو باری خانمان و رێکخراوی یونسیف و رێکخراوی هارتلاند بۆ چەند گەرەکێك لە هەولێر لە میانەی پرۆژەی هۆشیاری کردنی ئافرەتان لە گوند و لادێ هولێر دەربارەی خەتەنەکردنی مێینە بەهاوکاری رێکخراوی وادی ئەلمانی و یونسیف






12- لەرێكەوتی 2015-10-26 سەردانی ستافی رێكخراومان بۆ گوندی (هەلەجەی گەورە) لە میانەی پرۆژەی هۆشیاری ئافرەتان لەگوند و لادێ كان لەسەر زیانەكانی خەتەنەكردنی مێینە بە هاوكاری رێكخراوی وادی ئەلمانی و یونسیف.، وە كوبونەوە

لەگەل موختار و بەرپرسانی گوندەکە دەربارەی  دروستکردنی پرۆژە بۆ مندالانی گوندەکە  لەسەر بودجەی پرۆژەکە.









13- لە رێکەوتی  5-11-2015  سازدانی سیمینارێك بۆ 45  لە رێکخراوەکانی کۆمەلی مەدەنی و چالاکوانانی مافی مرۆڤ  دەربارەی یاسای بەرەنگاربونەوەی توند و تیژی

خێزانی  له میانەی پرۆژەی  هۆشیاری ئافرەتان لەگوند و لادێ کان  لەسەر زیانەکانی خەتەنەکردنی مێینە  بە هاوکاری رێکخراوی وادی ئەلمانی و یونسیف.













14- له ڕێکەوتی 2015-11-23 سه ردانی ئەندامانی ڕێکخراومان بۆ یەکیەتی زانایانی کوردستان وه گفتوگۆ کردن لەسەر گرنگترین ئەو خالانەی که هۆکارن بەرامبەر توندو تیژی دژی ئافرەتان .





ڕیکخراوی لێکۆڵینەوەو زانیاریەکانی جەندەر
Gender Studies and Information Organization (GSIO)
منظمة الدراسات والمعلومات الجندرية






15- لە ڕێکەوتی 24-11- 2015 سە ردانی ئەندامانی ڕێکخراومان بۆ لای وەزیری تەندروستی بەرێز ( دکتور : ڕێکەوت حمە رشید ) لە سەردانەکەدا باس لەسەر پرۆژەی هوشیاری کردنەوەی ئافرەتان لە شارو لادێیەکانی پارێزگای هەولێر بە **هاوکاری ڕێکخراوی وادی ئەڵمانی و ڕێکخراوی یونسیف** ، دکتور ڕێکەوت خوشحالی خۆی دەربری بەرامبەر هاوکاری و هەماهەنگی نێوان ڕێکخراومان و وەزارەتی تەندروستی وە بەرێزی بریاریکی گرنگی دا کە تێدا قەدەغەکردنی مێینە و سزادانی ئەو کەسانەی کە ئەم کردارە ئەمجام دەدەن (مامان و کادری تەندروستی )، ئەم لینکانەی خوارەوە دەڤ کوبونەوەکەیە:

http://www.radionawxo.org/kurdi/index.php/all-news/kurdistan/item/28424-2015-11-24-16-17-17.html

http://xelk.org/dreja.aspx?=hewal&jmare=33775&Jor=1



ريكخراوى لێكۆڵینەوەو زانیاریەكانی جەندەر

**Gender Studies and Information Organization (GSIO)**

منظمة الدراسات والمعلومات الجندرية

**16- لە رێكەوتی 26-11- 2015 وە بەبۆنەی 16 رۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی توند و تیژی دژی ئافرەتان كردنەوەی پێشانگایەك بۆ كاری دەستی وبۆ ئافرەتانی ئاوارە و پەنابەر لە بارەگای نەتەوە یەكگرتوەكان لە هەولیر وە لە پێشەنگاكە كەل و پەلە نمایشكراوەكان دەست بە فروشتنی كرا و داهاتەكەی بۆ ئافرەتە ئاوارەكان و پەنابەرە بەشداربووەكان درا.**









**17- له ڕێكه‌وتی 6-12-2015 كردنه‌وه‌ی یاریگایه‌ك بۆ مندالان له‌ گوندی ( هه‌له‌جه‌ی گه‌وره‌ ) له‌ میانه‌ی پرۆژه‌ی هۆشیاری كردنه‌وه‌ی ئافره‌تان له‌ گوند و لادێ كان و شارو ناحیه‌كانی هه‌ولێر به‌ هاوكاری ڕێكخراوی وادی ئه‌لمانی و ڕێكخراوی یونسیف.**

















**18- لە رێکەوتی 10-12- 2015 چاوپێکەوتن لەگەل کەنالی رێگا دەربارەی رۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی توند و تیژی دژی ئافرەتان و رۆژی جیهانی جارنامەی مافی مرۆڤ و رۆلی رێکخراوەکانی کۆمەلی مەدنی لە کەمکردنەوەی توند و تیژی ؟ وە ئەو یاسایانەی کە لەکوردستان دەرچووە تا چەند لەبەرژەوەندی ئافرەتان دایە وە تا چەند**

ئافرەتی پاراستووە ؟ وە رۆڵی بەریوبەرایەتیەکانی  بەرەنگاربوونەوەی توند و تیژی  دژی ئافرەتان .



19- لە رێکەوتی  21-12- 2015  ئەنجامدانی سیمینارێك لە ناحیەی شامك بە ئامادەبوونی بەریوەبەری ناحیە و 97  لە کەسایەتی و بەرپرسانی ناحیەکە  دەربارەی یاسای بەرەنگاربوونەوەی توند و تیژی خێزانی ، لە میانەی پرۆژەی هۆشیاری کردنەوەی ئافرەتان لە گوند و لادێ کان و شارو ناحیەکانی هەولێر بە هاوکاری رێکخراوی وادی ئەلمانی و رێکخراوی یونسیف.

ريكخراوى ليكۆڵينەوەو زانياريەكانى جەندەر

**Gender Studies and Information Organization (GSIO)**

منظمة الدراسات والمعلومات الجندرية









www.gsio-iraq.org Email: gsio.org2005@gmail.com Tel: +964 750 4632261

